# سەفەری کوردستان ئەحمەد دەشتی

لە مێژ بوو سەفەری کوردستانم نەکرد بوو بە هۆی ئەوەی کە لەمێشکم دا ئەوە خولقا بوو کە تا یەکسەر بۆ کوردستان و شارەکەم هەولێری دێرین پەرواز نەکەم بە ناو دوژمنان دا نەرۆمەوە ، هەمیشە کە بیری سەفەری کوردستانم دەهاتەوە ناو خانەی خەیاڵ: ئەوا یەکسەر چاوم دەبریە فرۆکەخانەکەی هەولێری شارە خۆشەویستەکەم ، کە بە چاوی خۆم دیت و بینیم کە فرۆکەیەکی زلی نەفەر بەر بۆ یەکەمجار لە شارە دێرینەکەم شاری هەولێری دڵگیرم دا دابەزی و ئای کە چاوم بەو دیمەنە کەوت کەوا لەسەر خاکی وەلاتەکەم دا لە پایتەختی کوردستان دا بۆ یەکەم جار لە مێژوو دا پەروازی فرۆکە لە وەلاتانی دەرەوەرا وا لە پایتەختی کوردستان دەنیشێت و بە روداوێکی تا بڵێی دڵخۆشکەرەو گرنگم زانی و هۆزانێکیشم بۆ ئەروداوە بەناوی (یەکەم پەرواز) نوسی و بڵاویشم کردەوە گەلێ دڵم بەو کارە شاد بوو بە تایبەتی کە لە چاوی هەڤاڵێکی دڵسۆزو پێشمەرگەیەکی دێرینم دا لە کاتی دابەزینی دا بینیم کە ئەسرینی شادی هەلدەرژێت بۆ یەکەمجار لە شارەکەم لەو پەروازەدا دابەزی،بە خۆم بینیم کە چۆن بۆ خۆشەویستی کوردستان و ئەو ڕوداوە گرنگە کە لە دیرۆکی کوردستان دا هەرگیز شتی ئاوا ڕووی نەداوە لە کاتی دابەزین دا وا تک تک ئەسرینی لە چاوان دا دەهاتەخوارەوەو بەو روداوە وا گرنگە لە خۆشیان وا ئاوی لە چاوان دێتە خوارەوە و دیمەنێکی تا بڵێی شاد و دڵتەزێن و گرنگی ئەو کارەو خۆشەویستی کوردوکوردستانی نیشان دەداو دڵی مرۆڤی دەخستە حەلوەلای سەرکەوتنێکی گەورەی میللی، بەلێ پێم وایە هەموو دڵسۆزێک کە بۆ یەکەمـجار لە دوای ساڵەها ساڵ نامۆیی و غوربەت و دەربەدەری ئەو هەموو کارەسات و روداوە تاڵ و تفتانەی‌کوردستان و ژیانی دەربەدەری کە بە فڕۆکە لە دەرەوە را بۆ یەکەمجار لە فرۆکەخانەی شارەکەی خۆی دا دابەزێت،دیاربوو کە لە خۆشیان کڕنووش بۆ خاکەکەی خۆی دەبات و ئەسرینی شادی لە چاوانی هەلدەرێژێت ، هەر بۆیەش بوو کە ئەو هەڤالانە بەو روداوە گرنگە ئاوا شادمان بوون ، ئاخر منیش چاوەروانی ئەو ڕۆژەم دەکرد کە بتوانم یەکەم پەروازم بۆ شارە دیرینەکەم هەولێرە خۆشەویستەکەم بکەم و چیتر بەناو تورک و تازی و عەجەمان دا بەو هەموو خەم و ئازارانەی کە پێمان

دەدەن نەچمەوە و چاوم بڕیبووە ئەو ڕۆژە کە بە ئاواتی یەکسەر پەرواز بۆ کوردستانەکەم و شارە دیرینەکەم ئەنجام بدەم، بەلام داخی گرانم هەتا ئەمڕۆش وا بەو ئاواتەم نە گەیشتووم و هەر چاوەروانم و چاوەروان، کە ئەمەش تەنیا ئارەزووی من نیە و هیوای هەمـوو کوردێکی دڵسۆزو ئاوارەی دووری کوردستانەکەیەتی. بەڵێ ئەم هیوایەم ئێستاش هەر ماوەو چاوم بڕیوەتە ئەو ڕۆژە کە منیش وەک هەموو گەلانی دونیا مافی ئەوەم هەبێت کە لە ناو خاکی خۆم دابەزم و لە ناو خاکی خۆم ڕا سەفەر بۆ وەڵاتانی دەرەوە بکەم و ئەو هەموو بەندو تەلەسمی تورک و عارەب و عەجەمان بشکێت و بە کوێرایی چاوی نەیاران ئەم ئاواتەمان کە مافێکی خۆمانە وەدی بێت و لە هەموو جیهانەوە ڕا بۆ شارو نیشتمانەکەو ناو میللەتی خۆمان پەرواز بکەین .

داخەکەم کە بەو ئاوتە نەگەیشتووم بە ناچاری بە هۆی ئەوەی کە دەترسام دایکی ئازیزم وەفات بکات و لە دوای سالەها ساڵ دووریم لە کورستان بمرێت و نەیبینمەوەو لە دڵم دا ببێ بە گرێ و قەت نەبێتەوە ، بە ناچاری بڕیاری چونەوەم بە سەردان بۆ کوردستانی خۆم دا،لە گەل دایکی هیواو کاکە هێمنێ ڕۆڵەی شیرینم دا ئەمجارە لە ڕێگەی سوریاوە چوینەوە هەر لە دابەزین لە شاری حەلەبەوە را ئازارەکان دایان دەگرتم خەم رویان تێ دەکردم کە چاوم دەبریە هاکارو ڕەفتاری داگیرکەران بە خۆم نەبوو کە دڵم دەکوشراو ئازارەکان ڕەنجیان دەدام و ئاخ و هەناسەی سەردم ەلدەمژی،بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو تا مەرزی خاپور کارەساتەکانی گەلە چەوساوەکەم کوردی کوردستانی باشورە بجکۆلەکەم وەدی دەکرد لە بەر چاوانم دا یازارەکان دەهاتن و دەچوون ، کەوا گەلی کورد چەند بێکەس و زۆر لێ کراو و ماڵ وێران و خاک داگیر کراوە،چەند بە چاوێکی سوکەوە سەیرمان دەکەن و ئێستاش هەر وا دەزانن کە کورد دەبێ خولام و بەندی ئەو داگیرکەرانە بێت و ئەوان ئێستاش هەروا دەزانن کە (تەنیا خۆیان چاکترینیانن لە ناو هەموو گەلان دا) تەواوی هاکار و کردەوکانیان پێم وایە گەلێ دوورە لە مرۆڤایەتی ، هەر لەوێرا ڕا تا سەر خاپور ئەوەی وەدیم دەکردن هەموو هۆکارەکانی چەوساوەیی گەلە هەژارەکەی خۆمم تیادا دەبینی و لە دڵی خۆم دا دیسان دەمگوت بریا قەت بێرەدا نەهاتباماوەو ژانو ئازارەکانی ناو دڵی خۆم تازهە نەکردباوە،بەلام چارم ناچار بوو. وەک دەلێن داری خۆزیاش بێ بەرە ، بە هەر حاڵ کەلە مەرزی دروست کراویش پەڕیمەوە دڵم خۆشتر بوو کە

گەیشتمەوە ناو کەس و خۆیی و سەر خاکی ڕزگار کراومان،کە چاوم بە هاو زمانانی خۆم و پێشمەرگە کەوت دڵم شاد و شاد و شاد بوو کە بینیم وا پێشمەرگە خۆی خاوەنی راپەرینی کارەکانە، هەر چەند کەم و کوڕیەکانم لەوێش وەدی دەکردن بەلام چونکە خۆیی بوون فەرمان ڕەواییان دەکرد دڵم پێیان شادتر دەبوو کە بەهیوام کەم و کوڕیەکان دەست نیشان بکرێن و چارەسەریەکانیان بۆ دروست بکەنەوەو بۆ زیاتر خزمەت کردن بەو خەلکەی خۆمان و موسافران دەبێ نمونەی خۆشەویستی و ڕەفتاری چاک و زیاتر خزمەت کردن بەم خەلکە و ئەمەش بۆ خۆمانەو چاکەو خەراپەکان هەر بۆ خۆمان دەگەرێتەوە و با لە جهانی پێشکەوتوو و گەلانی خاوەن تەکنەلۆژیاوە فێر بین چی باشە بۆ خۆمان بیکەین و نەفرین لە کارە نارەواو خراپەکان بکەین.

هەر لە خاپورەوە تا شاری هەولێرەکەم شادی دڵی گرتبووم بە دیمەنی ئازادی کوردستانەکەم ئازارەکان دوور دەکەوتنەوە، دوای نەزیکەی دوو مانگ مانەوە لە گەل هەڤالان و دۆستانی دێرین و کوردستانە ئازیزەکەم و ژیانی ئازادی و ڕزگاری لە گەڵ هەموو کەم و کوڕی و کارە باشەکانیش ماوەیەکی پڕ لە شادیمان بردە سەر و هەستم بەوەش دەکرد کە بە تەواوی ژیانی خەلک و گوزەران زۆر باشتر بووە و کورد ئازادو ڕەهایەو گەلێ کاری چاک ئەنجام دراوەو گەلێ کەم و کوڕیش هەن ،داخەکەم هەڤالێکی ئازیزم لە سەفەربوو تا لەوێ بووم نەهاتەوە و زۆر دڵگرانیشم بووم کە چاوم پێی نەکەوت جونکە لەوێ نەبوو.

دەمگوت بریا کارو بارەکانی ناو شارو رێکخستنی لە بار ترو ڕێک و پێک تر کردنی زیاتر لە ناو شارەکەم لە هەولێری دێرین دادەمەزراو کەم و کوریەکانی وەک بێ رێکخستنی و جوانتر کردنی شارەکەم و پاک و خاوێنی و چاک کردنی خیابانەکان و کەندو کۆسپ و فێر کردنی خەلک زیاتر لە برەو دەبوون، ئەو هەموو نارێکیانەی ناو شارو خەلک زیاتر گرینگی پێ دەدراو خەلکی کورد بە تێکرایی زیاتر هاوکاری حکومەتیان دەکرد و ڕادەی رۆشەنبیر لە لایەن خودی خەلکەوە بۆ خزمەت بە شارەکەی خۆمان زیاتر دەبوو ، ئەو ئۆتومۆبێلە چەپرەک و دوکەلاویەکان و قەلەباڵغیان لەسەر جادەکان بە شێوەیەکی تازەو نوو چارەسەری دەکران ، خاوێن و باوێنی گەردشکەران بو جوانی ژینگەکانمان و بەو شێوە فرێ دانی زبل و پیسایی و ئەو هەموو کیسەنایلۆنانە لە دەورو بەری جادەکان کە خودی خەلک فرێی دەدەن روانێنێکی بۆ دەکراو

چارەسەردەکرا،ئەمرۆ کە کوردستان هی خۆمانەو هەروەک کە بەکارە باشەکان دڵمان شاد دەبێت و گەلێ کاری چاکیش کراوە و جێگەی شانازین بۆ گەلەکەمان ، دەبێ ئاواش لەهەول دابین کە تەواوی حکومەت و خەلک بە یەکەوە هەموو کارەکان بە تێڕوانینی دڵسۆزانەوەوکوردانە بۆ کوردستان بڕواننە تەواوی کەم و کوڕیەکانی ژینگەکانمان و ناو شارو دیمەنەکانی سەر جادەکان کۆڵان و پارک و هەمو سوێنێک ، تەنانەت لە خانو بەرە و دوکان دروست کردنیش دا یاسایەک هەبێت کە خەلک بەرهەمەکی خانو بەرەش دروست نەکەن هەموو لە هەموو یاساکانی بۆ خزەتی ژینگەو ئاقارو دەورو بەری شار و پارک و هەموو جێگاکان بە تەواوی ڕەچاو بکرێت و هەر یەکێک خۆی بەرپرسیار بزانێ لە خزمەت کردن بە گە لو نیشتمان و بەرپرسیارانی حکومەتی هەرێم زیاتر خۆیان بەرپرسیار بزانن لە کارەکانیان دا ،کێ کە زیاتر خزمەت بە گەل و نیشتمان بکات ئەو دەیباتەوە، بە هەر حاڵ تا بڵێی دڵم شاد بوو بە سەردانی دۆست و یارو خزم و هەڤالانی ئازیز و خۆشەویستانم وام دەزانی کە تازە لە دایک بووم و خۆزیا یەو هەڤاڵەشم لەوێ دەبوو تا چاوم پێی بکەوتبایە.

ڕوداوە دڵتەزێنەکەێ قوربانیش کە بوو بە شەهید بوونی ئەو هەموو قارەمانانە ، هەر چەند ئازارەکانیان لە دەروونمدا هەر زیاد دەکرد و ئەو هەموو هەڤال و دۆست و یارانی دیرینەم وەک کاکە شەوکەت شێخ یەزدینی نەمرو کاک سامی و کاک سەعدو کاک مەهدی خۆشناو و کاک مەنتک و کاک ئەحمەد رۆژبەیانی و هەردوو رۆلەکەی کاکە دکتۆر موحەممەد سالح و تەواوی شەهیدانی رۆژی قوربان ئازارێکی تایبەتیان لە ناو دڵ و دەروونم دا جێ هێشتبوو و کە ژانەکان دەوریان دەگرتم و دڵم تا بڵێی توندتر دەبوو کە ئەوانم دەهاتەوە یاد و چاوم پێیان نەکەوتەوە ، هەر بۆیەکەش ئازارەکان دایان دەگرتم و دڵم پر ژان و خەم دەبوو و هەزاران هەزار سڵاوو ڕێز و سەری نەوازشم بۆ ئەون و هەموو شەهیدانی کوردستان و سەروەریان بارزانی نەمر یەک بە یەک دادەنەواند.

لە هەولێریش بووم کە روداوە ناخۆشەکەو دوژمن کاریەکەی دژ بە گەلی کورد لە قامیشلو ڕووی داو دوژمنانی کورد دەستی نامەردیان لە ڕۆلەکانی گەلی کورد وەشاند و کە کارێکی دوژمن کارانەو نامرۆڤانەیدژ بە کوردو کوردستان بوو،بۆ ماوەیەکیش کە رێگە گیراو سوریەکان مەرزیان لە ڕووی خەلکەوە داخست،ئەمەش بۆخۆی کارێکی نامرۆڤانەبوو کە رێیان لە زۆر خەڵکی کورد

گرت بێن و بڕۆن،دوای ماوەیەک کە ڕێگە بۆوە من و دایکی کاکە هیواش بەرەو ئەلمانیا لە رێگەی قامیشلو گەراینەوە،هەر لەوبەری خاپوورەوە هەستم بەوە کرد کە ئەوان واتە سوریەکان رەفتاریان گۆڕاوە،شەو لە قامیشلو ماینەوە بەیانی ماشێنێکمان بە کرێ گرت و بەرەو حەلەب بە رێ کەوتین شەو لە حەلەب ماینەوەو بەیانی چووینە فرۆدگا،لە فرۆدگاش دیار بوو گرفتیان بۆ خەلکی کورد دروست دەکرد و گۆڕانیان بەسەر دا هاتبوو ، زۆر ناشرینانە جەنتاکانیان واتە هی کوردنیان دەکردەوەو دەیان روانیە ناو جەنتاکان و بە ئاشکرا دیار بوو کە پارەیان لە خەلک دەویست،ئێمەش بۆ دروست نەبوونی گرفت کە دیار بوو لە خوایان دەویست چەند دولارێکمان لە جەند شوێنێکەوە بەناچاری دەدانێ و یەکسەر لە گیرفانیان دەنا و پێ شاگەشکە دەبوون ، ئەوەی هەستم پێ کرد ئەوان بە تەواوی لە دوای کوشتارەکەی قامیشلو گۆرا بوون و ڕەفتاریان ئاسایی نەبوو بە هەر حاڵ بە دڵتەنگیەوە لە دەستیان ڕزگاریمان بوو و گەراینەوە ئەلمانیا و ئەمجارە بریارم داوە کەقەت بە سوریا دا نەرۆمەوەو بەهیوام کە دەسەلاتدارانی کورد چارەسەری تەواوی پەروازەکان بۆ هەولێری دێرین بکەن و گەلی کورد و هەموو ڕۆلانی کوردو ئاوارەکانیش لەم میحنەتەی سەفەربە تێکڕایی ڕزگار بکەن و ئەو رێگەیەی فرۆکەخانەی هەولێر بکرێتەوە.

بەرلین 20.4.2004

KURDISTAN NET www.kurdistanet.org